**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی

**ئارام عیسى مرزا**

زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، کوردستان، عێراق

Aramissa85@gmail.com

**پ.ی.د حميد عبدالله صالح**

زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، کوردستان، عێراق

Hamed.salih@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/١٩

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/٨

بڵاو کردنەوە:بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان:**

Trend, Teachers, E-Learning, Geography, Basic Stage

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.25

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی زانینی ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیایە بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی، وە زانینی جیاوازیان بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن)، توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا لە قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دووەم و سێیەم کە ژمارەیان (929) مامۆستا بوو، لە ناوەندی شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی 2022-2021، توێژەر بۆ بە بەدەستهێنانی ئامانجەکەی هەستا بە ئامادەکردنی پێوەری ڕاپرسی بۆ ئاراستەی مامۆستایان، پاش دڵنیا بوون لە جێگیری پێوەرەکە، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی لەسەر نموونەی توێژینەوەکە کە پێکهاتبوو لە (150) مامۆستا (65) نێر و (85) مێ، وە دوای کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان بە هەگبەی ئاماری (spss) توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانە: ئاراستەیەکی بەرز و ئەرێنی هەیە لای مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی، هیچ جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) بۆ گۆڕاوی ڕەگەز و تەمەن لە ئاراستە بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

## 1 ناساندنی توێژینەوە:

### 1-1 پێشەکی و گرنگی توێژینەوە:

لەم ساڵانەی دواییدا جیهان گەواهیدەری گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاو تەکنیکی زانیارییە یەک لەدوای یەک و خێراکان بووە، وە کرانەوە بۆ کلتورە جیاوازەکان، ئەمەش وادەکات کە لێپرسراوانی دامەزراوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردەییەکان خۆیان بگونجێنن لەگەڵ هەموو گۆڕاوەکانی جیهان، بۆ بەردەوام بوون لەو گۆڕانکاری و پێشکەوتن و بەرەنگاریانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ڕەوتە جیهانییەکان و سیاسەتی گەشەسەندنی فێرکردن کە چەندین شێوازی جۆراو جۆری لەخۆ گرتووە، لەوانە فێرکردنی ئەلیکترۆنی وە فێرکردن لە دوورەوە. (کاظم، 2021، ل1)

فێرکردنی ئەلیکترۆنی جێگرەوە نییە بۆ فێرکردنی کلاسیکی، وە فێرکردنی پلە دوو نییە وەکو هەندێک دەیبینن، بەڵکو جۆرێکی تازەیە لە فێرکردن، وە ڕووبەڕووی زۆرێک لەو گرفتانە دەبێتەوە کە فێرکردنی کلاسیکی گیرۆدەی بووە، (فیلیپ کونەر) لە پەرتووکەکەی خۆیدا بە ناونیشانی قەیرانی جیهانیی پەروەردە ئاماژەی بەوە کرد کە پرۆسەی پەروەردە بەهۆی چەندین کێشەو گرفتەوە تووشی قەیران دەبێت، لەوانە لێشاوی فێرخوازان و کەمی سەرچاوەکان و بەرزی تێچوو و نەگونجاوی ئەنجامەکان و چەقبەستویی سیستمی پەروەردەیی. (فضلیة، 2022، ل18-19).

بۆیە فێرکردنی ئەلیکترۆنی بە فاکتەرێکی کارا و کاریگەر دادەندرێت لە پرۆسەی پەروەردەدا، وەڵامێکی کاریگەرە بۆ شۆڕشی ئەلیکترۆنی و زانیاری مۆدێرن لە جیهاندا بە گشتی، وە هەموو ئەو توانا ماددی و مرۆییانەی کە لە پرۆگرام و بەرنامە و ئامرازەکانی شێوازی پەیوەندی لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای مۆدێرن و کاریگەرە بۆ دابینکردنی ناوەڕۆکی زانستی باش، وە هەروەها فێرکردنی ئەلیکترۆنی هەوڵ دەدات بۆبەدەستهێنانی چەندین ئامانجی پەروەردەیی. (عبدالرؤوف، 2014، ل22).

**- گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە دایە:**

1-بە سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێستا و توێژینەوە هاوشێوەکانی، بە زانینی پێداویستیەکانی و بەرهەمهێنانی بابەتە فێرکارییەکان بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی، لێپرساوان و بڕیاردەرانی پەروەردەیی گرنگی فێرکردنی ئەلیکترۆنی و چۆنیەتی بەکارهێنان و جێبەجێکردنیان بۆ دەردەکەوێت.

2- توێژەر پێی وایە بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی وەکو پێویست گرنگیان پێنەدراوە لەتوێژینەوەکاندا، توێژەر هیواخوازە ئەم توێژینەوەیە ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ کردنەوەی ئاسۆکان و بوارەکان لەم ئاراستەیەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- ئەم توێژینەوەیەی دەتوانێت بەشداربێت لەگەشەپێدانی ئاراستەیان بەرەو بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

## 2-1 کێشەی توێژینەوە:

هیچ کام لە سەدەکانی پێشوو هێندەی سەدەی بیست و یەك کاریگەر نەبووە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، کە خۆی لە شۆڕشێکی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری و خێرایی گواستنەوەییدا دەبینێتەوە، هاوشان لەگەڵ تەقینەوەی دانیشتوان و مەعریفەدا، ئەمەش کاریگەری لە پرۆسەی فێرکردن کردووە و شێوازی نوێی پێبەخشیوە چ لە دامەزراوەکانیدا یان لە ناوەڕۆك و لایەن و هۆکارەکانی فێرکردندا، کە وایکردووە تەکنەلۆژیا هۆکارێکی بنەڕەتی پرۆسەی فێرکردن بێت لە سەرجەم قۆناغە جیاوازەکاندا، هەربۆیە دامەزراوە فێرکارییەکان هیچ هەڵبژاردنێکان بۆ نەماوەتەوە جگە لە هاوشانبوونی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و جێبەجێکردنی باشترین کوالیتی لە فێرکردندا. (الشمری، 2005، ل2).

فێرکردنی ئەلیکترۆنی پێویستی بەمامۆستایەکی بەتوانای مۆدێرنە لە وانەوتنەوە و ستراتیژیەتە کاریگەرییەکان و قوڵتر لە تێگەیشتنی فەلسەفەکەی و جێبەجێکردنی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئامێرو ئامرازەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنییەوە ئەم بیرۆکەیە بۆ فێرخوازان بگوازرێتەوە. وە لەلایەنێکی ترەوە، فێرکردنی ئەلیکترۆنی تەنها بریتیی نیە لە بەرنامەکان و ئامێر و کەلوپەلە کاریگەرەکان، بەڵکو بە پلەی یەکەم دەبێت مامۆستا خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بێت کە توانای جێبەجێکردن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی هەبێت لە پرۆسەی پەروەردەدا. (المطوع، 2012، ل79)، هەر لەم ڕوانگەیەوە توێژەر مەبەستیەتی لەم توێژینەوەیەدا وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: **ئایا ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی ئەرێنییە یان نەرێنییە لە قۆناغی بنەڕەتی؟**

**- دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە بەم پرسیارەی خوارەوە بخەینە ڕوو:**

- ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی لە چ ئاستێکدایە؟

### 3-1 گریمانەی توێژینەوە:

1- هیچ جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ گۆڕاوی (ڕەگەز (نێر – مێ)).

2- هیچ پەیوەندییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ گۆڕاوی تەمەن.

### 4-1 ئامانجی توێژینەوە:

1- بۆ زانینی ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی.

2- بۆ زانینی پلەی جیاوازی ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ هەریەك لە گۆڕاوەکانی ڕەگەز و تەمەن.

### 5-1 بوارەکانی توێژینەوە:

**1- بواری مرۆیی:** تەواوی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا دەگرێتەوە لە قۆناغی بنەڕەتی بازنەی (دووەم و سێیەم، پۆلەکانی 4 – 9 ) لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

**2- بواری کاتی:** توێژینەوەکە جێبەجێکرا بۆ ساڵی خوێنبی (2021 – 2022).

**3- بواری شوێنی:** سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە.

### 6-1 پێناسەی دیاریکردنی چەمکەکان:

**1- ئاڕاستە: پێناسەکراوە لەلایەن هەر یەک لە:**

- (أبو حیة، 2013) بەوە پێناسەی دەکات کە: حاڵەتی ئامادەیی عەقڵی و دەروونی تاکە بۆ دەربڕینی بۆچوون لەسەر بابەتێکی دیاریکراو چ بە قبوڵکردن بێت یان ڕەتکردنەوەی. (أبو حیة، 2013، ل65).

- (صالح، 2011) بەوە پێناسەی دەکات کە: بریتییە لە ئامادەسازی بۆ وەڵامدانەوە، یان هەڵوێست، یاخود تاك و شتەکان، یاخود بیروباوەڕەکان، کە ئەویش ئامادەسازییەکی وەرگیراوە جڵەوگیری تاك دەکات لەکاتی وەڵامدانەوەکان. (سعید، 2014، ل10).

**-پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** مەیل و قبووڵکردنی مامۆستایانە بۆ فێرکردنی ئەلیکترۆنی، وە پێوانەی ئەو نمرەیەی دەکات کە مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا لە قۆناغی بنەڕەتی بەدەستی دەهێنن لەسەر وەڵامدانەوەی پێوەری ئامادەکراو بۆ توێژینەوەی ئێستا.

**2- فێرکردن: پێناسەکراوە لەلایەن هەر یەک لە:**

- (عزیز، 2014) بەوە پێناسەی دەکات کە: بریتیە لە کۆششێکی تاکەکەسی (مامۆستا) بۆ یارمەتیدانی ئەویتر (فێرخواز) بۆ فێربوون. (عزیز، 2014، ل11).

- (العجرش،2017) بەوە پێناسەی دەکات کە: چالاکیەکە کە ئامانج لێی پەرەدان بە مەعریفە و ڕۆحیەت و تێگەیشتن و هۆشیارییە کە تاک لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێویستی پێیەتی. (العجرش،2017، ل8)

**- پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** پابەندبوونێکی هاوبەشە لە نێوان مامۆستایان و فێرخوازاندا بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ پەروەردەکردنی خۆیان بە درێژایی ژیانیان و بنیاتنانی توانایان بۆ ئەنجامدانی کارەکان، نەک تەنیا دووبارەکردنەوەی ئەو کارەی کە نەوەکانی پێشوو ئەنجامیانداوە.

**3- فێرکردنی ئەلیکترۆنی: پێناسەکراوە لەلایەن هەر یەک لە:**

- (الاحمري، 2015) بەوە پێناسەی دەکات کە: سیستمێکی پەروەردەییە کە تەکنەلۆژیای زانیاری و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان بەکاردێنێت بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی پرۆسەی خوێندن لەڕێگەی دروستکردنی ژینگەیەکی فێربوونی کارلێک لەڕێی تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنی نوێ و هەمەچەشنی لە سەرچاوەکانی زانیاری و ئەزموونداا. (الاحمري، 2015، ص4)

- (سیفین، 2014، ل444)، بەوە پێناسەی دەکات کە: فێرکردنی ئەلیکترۆنی سیستەمێکی فێرکارییە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی فێرکاری بە فێرخوازان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندی و گەیاندنەوە، لە هەر شوێن و کاتێك بێت. (محمد، 2021، ل141)

**-پێناسەی ڕێکاری توێژەر:** میتۆد و تەکنیکێکە پشت دەبەستێت بە ئینتەرنێت بۆ گەیاندنی زانیاری بە فێرخواز لە کەمترین کات و بە کەمترین هەوڵ و کۆشش بۆ بەدەستهێنانی گەورەترین سوود.

**4- پێناسەی جوگرافیا: پێناسە کراوە لە لایەن هەریەك لەمانە:**

- (نەقشبەندی، 2007) بەوە پێناسەی دەكات كە: جوگرافیا زانستێكە باس لەدیاردە سروشتی ومرۆییەكان دەكات لەبەرگی جوگرافیادا، وەلەدابەشبوونی جوگرافی ئەو دیاردانە دەكۆڵێتەوە و شیكردنەوەی پێویست دەربارەیان دەكات. (نەقشبەندی، 2007، ل3).
- (شــــهید، 2019) بەوە پێناسەی دەكات كە: جوگرافیا زانســـــتێكە كار دەكات بۆ لێكۆڵینەوەی ڕووی زەوی و دیاردە ســــروشـــــتی و مرۆییەكانی، وە پەیوەندییە كاریگەریەكەی نێوان زەوی و مرۆڤ شــــیدەكاتەوە. (شـــــهید، 2019، ص1319).
- **پێناسەی ڕێكاری توێژەر:** جوگرافیا زانستێكە لە دیاردە سروشتی و مرۆییەكان دەكۆڵێتەوەو وە كاریگەری دیاردە سروشتیەكان لەسەر چالاكییەكانی مرۆڤ دەردەخات.

## 2- چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەكانی پێشوو:

### 1-2 لایەنی تیۆری:

### 1-1-2 ئاراستە:

#### 1-1-1-2 چەمك و پێناسەی ئاراستە:

چەمكی ئاراستە لە بوارەكانی فێركردن و فێربوون و ژیانی ڕۆژانەدا بۆ زیاتر لە مەبەستێك بەكاردەهێنرێت، نموونەی ئەمەش بەكارهێنانی چەمكەكە بۆ ئاراستەی با، یان فڕۆكە، یاخود بەرزی و نزمی لە خوێندنی زانستی یان نرخی دراوێك، یان ئەو ئاراستەیەی كە دەوڵەت دەیگرێتەبەر بەرامبەر هەڵوێستێك كە پەیوەندی بە سیاسەتی ناوخۆ یان دەرەوەی هەبێت، سەرچاوەكانی پەیوەست بە توێژینەوەكانی ئاراستە ئاماژە بەوە دەكەن كە دەركەوتنی چەمكی ئاراستە لە دەرونزانیدا دەگەڕێتەوە بۆ كارە زانستییە بەراییەكان لە دەرونزانی تاقیكاری لە چارەگی كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بەڵام قسەكردن لەسەری ئەوكاتە پەیوەست بوو بە ئاخاوتن دەربارەی ئاراستەی عەقڵ، كاتێك مشتومڕ لەسەر بابەتێك دەكات كە بەلایەوە گرنگ بێت، توێژینەوە تایبەتەكانی ئاراستەكان بەرفراوانتر و بەربڵاوتر بوون لە چارەگی دووەمی سەدەی بیستەم. (محمد، 2010، ل32).

ترستۆن (1948) كە پێشەنگە لە بواری پێناسەی ئاراستە دەروونییەكان دەڵێت: ئاراستەی دەروونی گشتاندنی وڵامدانەوەی تاكە، گشتاندنێكە پاڵ بە ڕەفتارەكەیەوە دەنێت دوور یان نزیك لە دركپێكراوێكی دیاری كراو. (النور، 2007، ل285).

الكبيسي و ئەوانی تر پێیان وایە چەمکی ئاراستە پەیوەندی نێوان تاك و نێوان هەر دیاردەیەکی ژینگەیی هەڵدەسەنگێنێت کە بەهای ئەرێنی یان نەرێنی هەبێت، ئاراستەکان دەچێتە ژێر تاقیکردنەوەو پێوانە کردنەوە، دەکرێت بە نمرەیەك بۆ سەرەوە یان خوارەوەی سفر ئاماژەی پێبدرێت. (الكبيسي والداهري، 2000، ل77).

**2-1-2-2- ڕێگاکانی پێوانەکردنی ئاراستەکان:**

**1- ڕێگای بوگاردس (Bogaredus):** ئەمە پێوانەیەکی بەهای مێژوویيە وەک یەکەم هەوڵدان بۆ پێوانەکردنی ئاراستەکان دادەنرێت، وە بوگاردس وەسفی ئەو پێوەرەی کردووە لەساڵی (1925)، ئەم ڕێگایە هەوڵی پێوانەکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان یان ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کەسەکان و کۆمەڵەکان دەدات. (عبدالرحمن، 2008، ل383)

**2- ڕێگای ثرستون (Thurstone):** ئەم ڕێگایە بەڕێگای بەراووردکاری دوانەیی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی پێوانەکە وا دەخوازێت ئاراستەیەك بەسەر ئارساتەیەکی دیکە بەباشتر بزانێت لە بابەتی پێوانەکە برگەکانیش بەپێی ئەو ڕێگایە بەشێوەیەکی پلە پلەیی جیاوازن، لەلایەنگیری بەهێزی بابەتەکەوە بۆ بەرهەڵستکاری توند بۆی. (محمد، 2010, ل51)

**3- ڕێگای لیکرت (Likert):** ئەم ڕێگایە بە بەربڵاوترین ڕێگای پێوانەکردنی ئاراستکان دادەنرێت لەنو توێژەراندا، بڕگەکانی لەبەکارهێنانی ئەم ڕێگایە بۆ دوو نیوە دابە دەکرێت: یەکەم برگە ئەرێنیەکان، دووەم بڕگە نەرێنیەکان لەخۆ دەگرێت، لەبەردەم بڕگەکانیش چ ئەرێنی بن یان نەرێنی، جێگرەوە یان تاقیکردنەوە هەن لەوانەیە سێ یان چوار یاخود پێنج و ... تاد بن، بۆ نموونە جێگرەوەکان بریتیبن لە ( هەمووکات، زۆربەی جار، هەندێکجار، بەدەگمەن، هەرگیز). (محمد، 2010, ل51)

توێژەر لەم توویژینەوەیە هەستاوە بە ئامادەکردنی پێوەرێك بە مەبەستی زانینی ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی، بەپێی رێگای لیکارت پێنجی (هەمووکات، زۆربەی جار، هەندێکجار، بەدەگمەن، هەرگیز).

**3-1-1-2- جۆرەکانی ئاراستە:**

چەندین پۆلێنکاری بۆ ئاراستە هەن، کەچی ئەوەی زۆر بڵاوە ئەو پۆلێنکارییەیە کە دەروونناس رۆجرس (Rogers) ئەنجامی داوە، وە ئاراستەی بۆ چەندین جۆر دابەش دەکات، بەمجۆرەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- ئاراستەی بەهێز: ئاراستەیەکی بەهێزە لە هەڵوێستی کەسێك بەرامبەر ئامانجێك، کە هەڵوێستی توند بێت و سۆز و نەرمی تیا نەبێت، وەك ئەوەی یەکێك کاتێك هەڵوێستێکی خراپ دەبینێت نیگەران و تورە دەبێت.

2- ئاراستەی لاواز: ئەمجۆرە ئاراستەیە ئەوەیە کە بەرامبەر ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستەیەکی لاواز و خاوو خۆبەدەستەوەدەری هەبێت، ئەو کەسە وادەکات چونکە هەست بە زیندوێتی و کاریگەری ئاراستەکەی ناکات.

3- ئاراستەی ئەرێنی: ئەو ئاراستەیەیە کە تاك بەرەو شتێك دەبات، (واتا بە ئەرێنی).

4- ئاراستەی نەرێنی: ئەو ئاراستەیەیە وا لە تاك دەکات لە شتێك دووربکەوێتەوە، (واتا بە نەرێنی).

5- ئاراستەی ئاشکرا: ئەو ئاراستەیەیە کە تاك شەرم لە دەرخستنی ناکات، بە ئاشکرا باسی دەکات.

6- ئاراستەی نهێنی: ئەو ئاراستەیەیە کە تاك هەوڵی شاردنەوەی دەدات و لە ناخی خۆیدا دەیپارێزێت.

7- ئاراستەی بە کۆمەڵ: ئەو ئاراستە هاوبەشەی نێوان ژمارەیەکی زۆری خەڵکە، سەرسامبوون بە پاڵەوانێك ئاراستەیەکی بەکۆمەڵە. (سعید، 2014، ل22)

### 2-1-2 فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

### 1-2-1-2چەمکی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

دوای دەرکەوتنی فێرکاری ئەلیکترۆنی وبڵاوبوونەوەی بەرنامە جۆراوجۆرەکانی و خێرایی گەشـــە وپێشـــکەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، وەهەوەها هەوڵەکانی پســـــپۆران وبایەخ پێدەرانی ئەم بوارە بۆ دۆزینەوەی پێنـاســـەیەکی گشـــتگیر بۆ چەمکی فێربوونی ئەلیکترۆنی، هەر یەك لەمـانە بە گۆشـەنیگایەکی جیاوازەوە پێناســەیەکیان داڕشــت بۆ ئەم چەمکە، کە بووە هۆی ئەوەی ڕێککەوتن لەسەر یەك پێناسەی یەکگرتوو بۆ فێرکردنی ئەلکترۆنی کارێکی ئەستەم بێت. (عبدالرؤوف، 2014، ل23)

(العطروزی، 2002، ل16) پێناســەی فێربوونی ئەلکترۆنی کردوە بە مانای: "بەکارهێنانی میدیای جۆراوجۆرە کە ناوەندی ئەلیکترۆنیش دەگرێتەوە لە (تۆڕی زانیاریەکانی نێودەوڵەتی جاڵجاڵۆکەیی "ئینتەرنێت"، ســـەتەلایت، ڕادیۆ، وەیان فیلمی ڤیدیۆیی و دیســـکی موگناتیســـی وەیان کۆنگرەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفراس و نامەی ئەلکترۆنی (Email) یان گفتوگۆ لە نێوان هەر دوو لایەن لە ڕێگەی تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی".

بەڵام (العريفى،2003، ل23)بەم شێوەیە پێناسەی دەکات :"پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی فێرکارییە کەهەموو ئەو شێکاری وڕاهێنان و کارلێك وبەدواداچوونی لاوەکی یان گشتگیر لەوەرزی خوێندن وەیان فێرکردن لە دوورەوە لەخۆ دەگرێت لە ڕێگەی سۆفتوێری پێشکەوتوو کە لە کۆمپیوتەر هەڵگیراوە یان لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت".

### 2-2-1-2 فێرکردنی ئەلیکترۆنی وتیۆرەکانی فێربوون E-learning and Theories of learning:

هەروەها (عبدالحميد,2007، ل14) لەو بارەوە ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە فێرکردنی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای تیۆری "برۆنەر"ە بۆ فێربوون لە ڕووی:

1- ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی فێرخوازان.

2- لەبەرچاوگرتنی زۆربوونی ئازادی لە دۆخی فێربوون بە ئامادەسازی دۆخی فێربوونی هەمەجۆر کە ڕێگا بدات بە فێرخواز بە تاقیکردنەوە بەپێی هێز و تواناکانی.

3- لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکەکەسی لە نێوان فێرخوازاندا، ئەمەش بە پێشکەش کردنی زانیارییەکان بە شێوازی هەمەجۆر کە گونجاو بێت لە گەڵ تواناکانی فێرخوازان لە ڕووی پێشکەشکردنی زارەکی و نووسرا یان بیستراو، وەیان پێشکەش کردنی بە وێنەو وینەکێشانی جێگیرو جوڵاو (ئەنیمەیشن).

4- سەرنجدان لەسەر فێربوون، شێوازی فیرکاری دەگۆڕێت لە سەرنجدانە سەر مامۆستا وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ سەرنجدانە سەر فێرخواز بۆ بەدەستهێنانی زانیاری وگەشەی لێهاتووی.

5- پشتبەستن بە چالاکی فێرخواز، یارمەتی دەدات بۆ دۆزینەوەی ژینگەیەکی فیرکاری لەبار تاکو فێرخواز ئارەزووی فێربوونی هەبێت، ئەمەش زیاتر هانیدەدات بۆ وەرگرتنی زانیاری و خێرایی لە بەدیهێنانی ئامانجەکان. (العواودة، 2012، ل40)

### 3-2-1-2 ئامانجەکانی فێرکردنی ئەلکترۆنی:

1- بەدەستهێنانی شارەزایی تەکنیکی لەلای وانەبێژان بۆ بەکارهێنانی تەکنیکەکانی پەروەردەیی هاوچەرخ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- فراوانی کردنی ڕووبەری جوگرافیـایی بۆ دامەزراوەکانی پەروەردەیی وە گەیشــتنی بۆ نـاوچە دوورەکان.
3- دووبـارە بنیـادنـانەوەی پرۆســەی پەروەردەیی بە دیـاریکراوی ڕۆڵی مـامۆســتـا وفێرخواز ودامەزراوەکانی پەروەردەیی.
4- پەرپێدان بە ڕۆڵی مامۆسـتا لە پرۆسـەی پەروەردەیی بۆ بەردەوامبوون لە گەشـەپێدانی زانسـتی وتەکنەلۆژیای بەردەوام و بە دوادا هاتوو. (الخفاجي واخرون، 2021، ل34)

**4-2-1-2 ڕەگەزەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:**

1- فێرخوازی ئەلیکترۆنی: ئەو فێرخوازەیە کە لەڕێگەی فێربوونی ئەلکترۆنییەوە فێردەبێت.
2- مامۆستای ئەلیکترۆنی: ئەو مامۆستایەیە کە بە ڕیگای ئەلیکترۆنی کارلێك لەگەڵ فێرخواز دەکات و ئاراستەیان دەکات. (عبدالرؤوف، 2014، ص99).
3-پەرتووکی ئەلیکترۆنی: پـەرتووکی ئەلیکترۆنی بڕیـاردەری فێرکـارییە هـاوشــێوەی پـەرتووکی خوێندن ناسراوە، تێکستی نووسراو و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی دەگرێتەوە.
4- گۆڤـاری ئەلیکترۆنی: لەگۆڤـارەکـانـدا کۆمەڵێـك لە وتـارو تێکســـت و وێنەو دیمەن کۆدەکرێتەوە کەخزمەتی بابەتی زانســتی دەکات، وە لەڕێگەی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت بڵاودەکرێتەوە. (التودري، 2004، ل93-95)
5- پۆسـتەی ئەلیکترۆنی (ئیمێڵ): بەهۆیەوە پەیوەندی نامەی ئەلیکترۆنی لە نێوان خودی فێرخوازان ئەنجام دەدرێت، هەروەها لەنێوان فێرخوازان ومامۆستایانیش. (الشهراني، 2007، ل36)

**5-2-1-2 لایەنە ئەرێنییەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:**

**1-** ئەگەری زیاتربوونی پەیوەندی نێوان خوێندکاران لەنێوان خۆیاندا.
**2-** بەشــــداریکردن لەدیـدە جیـاوازەکـانی فێرخوازان: وەك بۆردەکـانی گفتوگۆو ژوری دیـالۆگ کـە دەرفەتیان بۆ دەرەخسێنێت بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر بابەتەکان.
3- هەستکردن بە یەکسانی : هەر فێرخوازێك دەتوانێت لە هەر کاتێك بێ بۆچوونی خۆی بدات.

4- ئاسان گەیشتن بەمامۆستا: فێرکردنی ئەلیکترۆنی ئاسانکاری زۆری کردووە بۆ دەستگەیشتن بەمامۆستا لەدەرەوەی ئەرکی فەرمی، چونکە فێرخواز دەتوانێت لەڕێگەی ئیمەیڵەوە پەیوەندی بە بۆ مامۆستا بکات. (الموسي، 2001, ص15-16).

**2-1-2-6 لایەنە نەرێنییەکانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:**

1- هەستکردن بە دابڕان و نەبوونی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی.
2 – ناڕوونی هەڵسەنگاندن: بە گەورەترین بەربەستی ئەم سیستەمە دادەنرێت، کە هەڵسەنگاندن لە دوورەوە بەبێ کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی مامۆستا ناتوانێت ببێتە مایەی بڕواپێکردن و ڕوون نابێت.
3- سەرنجدان بە لایەنی مەعریفی لەسەر حیسابی شارەزایی پراکتیکی.
4- لاوازی چاودێری ڕاستەقینە لە لایەن مامۆستا. (عبدالرؤوف، 2014، ل223-224)

**2-1-3 زانستی جوگرافیا:**

**2-1-3-1چەمکی زانستی جوگرافیا:**

جوگرافیا وەك زانست بە یەکێك لە کۆنترین زانستەکانی سە زەوی دادەنرێت، لە ڕووی زاراوەشەوە جوگرافیا لە بنەڕەتدا وشەیەکی لێکدراوە لە Geo بە واتای زەوی و Graph بە واتای وەسفکردن پێکهاتووە. زانای گریکی ئیراتۆستین Eratosthenes کە لە ئەسکەندەریە لە سەدەی (3) پ.ز ژیاوە یەکەم کەس بووە ئەم چەمکەی بەکارهێناوە. (سلێمان، 2013، 83)

جوگرافیاناسان چەندین پێناسەیان بۆ ئەم زانستە کردووە، لەوانە:

(عابنە، 2006) پێناسەی جوگرافیا دەکات: بریتییە لەو زانستەی کە گرینگی بە لێکۆڵینەوەی مرۆڤ و ژینگە دەدات، کە خۆی دەبینێتەوە لە کارلێکی زیندوویی ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤ تێیدا دەژێت، وە پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەکەی و شێوازی کارلێککردنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەو شوێنەواری ئەم کارلێککردنە، هەروەها دەتوانین بڵێین زانستی جوگرافیا لێکۆڵینەوە لە ڕووی زەوی دەکات، بەو پێیەی شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤەو کاری لێدەکات و پێی کاریگەر دەبێت. (مصلح، 2010، ص29)

وە (عرفە، 2005) پێی وایە جوگرافیا کۆمەڵێك شت یان هێما یان ڕووداوی تایبەتن کۆدەکرێنەوە لەگەڵ یەك لەسەر بنەمای تایبەتمەندی هاوبەش کە دەکرێت بە ناوێك یان هێمایەك ئاماژەی پێ بکرێت. (عبدالمولا، 2014، ص135)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-3-1-2 ئامانجە گشتییەکانی خوێندنی بابەتی جوگرافیا:**

هەر یەك لە ( شلبی،1997، ل28) (عبابنە، 2006، ل30) (خضر، 2006، ل42) (دبور، والخطیب، 1987، ل28) گرنگترین ئامانجەکانی خوێندنی بابەتی جوگرافیایان خستووەتە ڕوو کە بریتین لە:

1- قوتابی ئەو زانیاریانە لە جوگرافیا بەدەستدەهێنێت کە بریتین لە ڕاستیەکان، تێگەیشتن، بیردۆز و یاساکان کە پەیوەستن بە چەمکەکان و هێماکان.

2- گەشەپێدانی بەهاو ئاراستەکان و ئەو ئارەزووانەی کە پەیوەستن بە بەشەکانی جوگرافیا کە خۆی دەبینێتەوە لە پارێزگاری کردنی ژینگەو داهاتەکانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی.

3- قوتابی دەبەستێتەوە بە ئێستاو ئامادەکردنی بۆ داهاتوو، لەگەڵ وێناکردنی ورد بۆ باروودۆخی جیهان لەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەت و ئابووری.

4- گەشەپێدانی بیری جوگرافیا لە ڕێگەی تێبینی، لێکدانەوە، هەڵێنجان، بەراوردکردن و شیکردنەوە.

5- گەشەپێدانی هەستی خۆشویستنی نیشتیمان و شانازیکردن پێیەوە و بەرگری کردن لێی، تێیدا قوتابی هەست بە کێشەکان دەکات و بەشداری دەکات لە چارەسەرکردنی.

6- لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان دانیشتوان و ئەو ژینگەیەی کە لێی دەژین، شێوەکانی کاریگەربوون بە یەکترو خستنەڕووی گرفت و دەرەنجامەکان.

7 ڕەخساندنی دەرفەت بە قوتابیان بۆ تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی چەند دیاردەیەکی سروشتی لە ژینگەی دەورووبەریان، کە یارمەتیان دەدات بۆ پوختکردنی ئەنجامەکان و گشتاندنیان بەمەبەستی کارئاسانی بۆ قوتابیان لە داهاتوودا. (ابو شرار، 2010، ص 35-36)

**2-2 توێژینەوەکانی پێشوو:**

**1-2-2 توێژینەوەکانی پێشووی ئاراستە بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی:** بڕوانە خشتەی (1)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (1) ڕوونکردنەوەی توێژینەوەی پێشووی دەربارەی ئاراستە بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی

| ژ | توێژەرو ساڵ و شوێن | ئامانجی توێژینەوە | ڕێباز و ئامراز | نموونەی توێژینەوە | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | المطوح 2012 سعودیه | زانینی ئاراستەی مامۆستایانی قۆناغی ناوەندی بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی | وەسفی فۆرمی ڕاپرسی | 75مامۆستا نێرو مێ | ئاراستەیەکی ئەرێنی هەیە لەلایەن مامۆستایانی قۆناغی ناوەندی لە بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی |
| 2 | نصار2013 فەلەستین | زانینی ئاراستەی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە بەرەو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژوورە ئەلیکترۆنییەکان کە جۆرێکە لە فێرکردنی ئەلیکترۆنی | وەسفی فۆرمی ڕاپرسی | 300مامۆستا نێرو مێ | ئاراستەیەکی ئەرێنی هەیە لەلایەن مامۆستایانی زانکۆی قودسی کراوە بەرەو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژوورە ئەلیکترۆنییەکان، هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی نییە |
| 3 | الضالعي2017 سعودیه | زانینی ئاراستەی قوتابیان و ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی | وەسفی فۆرمی ڕاپرسی | 673قوتابی 337مامۆستا نێرو مێ | ئاراستەیەکی ئەرێنی هەیە لەلای قوتابیان و مامۆستایان بەرەو بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی، هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی نییە |
| 4 | الثقفي2021 سعودیه | زانینی ئاراستەی مامۆستایانی بەرەو فێرکردن لەدوورەوە بەبەکارهێنانی پلاتفۆرمی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی لەسەردەمی پەتای کۆرۆنا | وەسفی فۆرمی ڕاپرسی | 80 مامۆستا نێرو مێ | ئاراستەیەکی ئەرێنی هەیە لای مامۆستایانی بەرەو فێرکردن لە دوورەوە، وە جیاوازی ڕەگەزی هەیە لە بەرژەوندی مێ. |

**2-2-2 سوودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:**

1 - سوود بینین بۆ داڕشتنی ناونیشان و پێشەکی وکێشەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی لۆجیکی.

2 – چۆنیەتی هەڵبژاردنی ڕێبازی گونجاو بۆ توێژینەوەکە، کە بریتییە لە ڕێبازی وەسفی شیکاری.

3 - بنیاتنانی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە.

4 – دروستکردن و ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەی گونجاو.

5 – هەڵبژاردنی کۆمەڵگەو نموونەی گونجاو.

6– هەڵبژاردنی هۆکاری ئاماری گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3- ڕێبازی توێژینەوەو ڕێکارەکانی:

### 1-3 ڕێبازی توێژینەوە Methodology:

توێژەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە پشتی بەستووە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە گونجاوە، لە ڕیگەی کۆکردنەوەی داتاو شکردنەوەی ئەنجامەکان.

### 2-3 کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوە Research Community and Sample:

توێژەر هەستا بەدیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی کە بریتییە لە سەرجەمی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی دووەم و سێیەم پۆلەکانی (4-9) لە بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان- جوگرافیا لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی 2021-2022 کە پێکهاتوون لە (929) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز (نێر= 259) وە (مێ=670)، دوای دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی هەرەمەکی کە پێکهاتبوون لە (150) مامۆستای بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان-جوگرافیا لە هەردوو ڕەگەز (نێر =65) وە (مێ=85)، بۆ ساڵی خوێندنی 2021-2022.

### 3-3 ئامرازەکانی توێژینەوە:

بە هۆی سروشتی توێژینەوەکەوە، توێژەر بەشێوەیەکی بنەرەتی پشتی بەستووە بە ئامرازی راپرسی بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، کە خۆی دەبینێتەوە لە راپرسی ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

### 4-3 ئامادەکردنی پێوەری ئاراستەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

#### 1-4-3 دیاریکردنی ئامانج لە ئامادەکردنی پێوەر:

توێژەر هەستا بە دیاریکردنی ئامانجی پێوەری ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی، وە ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم پێوەرەش بەمەبەستی زانینی ئاراستەی مامۆستایانە بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی کە ئەرێنییە یاخود نەرێنیە لە قۆناغی بنەڕەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-4-3 دیاریکردنی بڕگەکانی پێوەر:

پاش گەڕانەوەی توێژەر بۆ ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشوو وە ئەو سەرچاوە زانستیانەی کە پەیوەندیان بە بە پێکهاتە و تایبەتمەندی نموونەی توێژینەوەکە هەیە، توێژەر هەستا بە دیاریکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە بە گەڕانەوە بۆ ئەم تویژینەوانە: (الشناق وبنی دومي، 2010) وە (المطوع، 2013) وە (الضالعي، 2017)، وە بڕگەکان دیاریکران کە پێکهاتبوون لە (37) بڕگە بەشێوەی سەرەتایی.

### 3-4-3- ڕاستگۆیی پێوەر:

دوای ئامادەکردنی پێوەری ئاراستەی مامۆستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی، بە مەبەستی ڕاستی و دروستی بڕگەکان و ڕاستگۆیی پێوەرەکە، توێژەر خستیە بەر دەستی ژمارەیەك لە دادوەر و پسپۆری تایبەت بەو بوارە. بۆ زانینی گونجاوی بڕگەکانی پێوەرەکەو دروستی لە دارِشتنی هەر بڕگەیەك، پاش وەرگرتنی بۆچوونیان دەربارەی تەواوی پێوەرەکە، لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوون و تێبینیەکانیان توێژەر هەستا بە شیکردنەوەی وەڵامەکانیان و ڕێکخستنەوەی زمانەوانی و واتایی هەر بڕگەیەك کە تێبینیان لەسەر هەبووە، وە توێژەر پشتی بەست بە ڕێژەی هاوڕابوون (80%) کەزیاتر لەنێوان پسپۆراندا ڕێپێدراوە بۆ بڕگەکانی پێوەرو گونجانی، بەم شێوەیە پسپۆران هاوڕابوون لەسەر مانەوەی سەرجەم بڕگەکانی پێوەرەکە کە (37) بڕگەیە.

### 4-4-3 جێبەجێکردنی پێوەر لەسەر نموونەی ڕاپرسی (العینة الاستطلاعیة):

دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەر، توێژەر پێوەرەکەی جێبەجێکرد لەسەر نموونەی ڕاپرسی کە پێکهاتبوو لە (100) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز لە بەشێك لە قوتابخانەکانی بازنەی دووەم و سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی لەناوەندی پارێزگای هەولێر، لە ماوەی (5-2022/2/15).

### 5-4-3-شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەکانی پێوەری ئاراستەی مامۆستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی:

**أ- هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەر:**

پاش ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان توێژەر هەستا بەئەنجامدانی ئەم ڕێکارییانەی خوارەوە:

1- ڕێکخستنی نمرەکان و ڕیزبەندکردنیان بە شێوەی بۆ خوارەوەیی، واتا لە بەرزەوە بۆ نزم.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- وەرگرتنی (27%) فۆرمەکان بۆ بەرزترین نمرە کە کۆمەڵەی بەرز دەنوێنێ، وە وەرگرتنی (27%) فۆرمەکان بۆ نزمترین نمرە کە کۆمەڵەی نزم دەنوێنی.

پاشان دابەشکردنیان بۆ سێ چین، چینی یەکەم بەرزترین ئاست (27% جارانی 100) بکرێت=27، وە هەمان رێکاری بۆ کۆمەڵەی نزم، وە بەهاو بەهاکانی دیکەش لە جیاکارییەکانی بڕگەکان پشتگوێ خران. بەم شێوەیە (27) مامۆستا لەکۆمەڵەی بەرزو (27) مامۆستا لە کۆمەڵەی نزم وەرگیران کە کۆی هەردوو کۆمەڵە دەکاتە (54) مامۆستا.

3- تویێژە تاقیکردنەوەی تائی (t. test) بەکارهێنا بۆ هەردوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرییەکان بۆ نمرەی هەردوو کۆمەڵەی بەرزو نزمی وەبۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان.

پاش دۆزینەوەی هاوکۆڵکەی جیاکاری دەردەکەوێت کە بەهای تائی بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە لەنێوان (0.861 – 12.302)، بەپشت بەستن بەم ئەنجامە ئەگەر بەهای (Sig) هەر بڕگەیەك لە ئاستی (0.05)بەرزتربێت ئەوا توێژەر بەبڕگەیەکی جیاوازی داناوەو لایبردووە، سەرجەم بڕگەکان بەهاداری ئاماری بوون، جگە لە هەریەك لە بڕگەکانی (6، 17، 31) کە بەهای (Sig) هەریەکەیان گەورەتربوو لە هەڵەی رێپێدراو (0.05). بەم شێوەیە دوای شیکردنەوە ئامارییەکان بۆ بڕگەکان پێوەری ئاراستەی مامۆستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی پێکهات لە (34) بڕگە.

**ب- ڕاستگۆیی گونجانی ناوخۆیی:**

پاش بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پیرسون لەنێوان نمرەی گشتی هەر بڕگەیەك لەگەڵ بڕگەکانی ترو لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە، دەردەکەوێت کە گشت بڕگەکانی پێوەرەکە پەیوەندییەکی بەهاداری ئامارییان هەیە لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە لە ئاستی کەمتر لە (0.01) و (0.05)، بەشێوەیەك کە بەهای هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون دەکەوێتە نێوان (0.413 – 794) بەگەڕانەوە بۆ بەهای (Sig) هەر بڕگەیەك، وە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامی دەردەکەوێت کە هەموو بڕگەکان تایبەتمەندی گونجانی پەیوەستبوونی ناوخۆیی و ڕاستگۆییان هەیە، بەم شێوەیە پێوەری ئاراستەی مامۆستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی کۆتایی پێکهات لە (34) بڕگە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 6-4-3 جێگیری پێوەر:

**أ- ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە:**

توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەی ڕاپرسی کە ژمارەیان (20) مامۆستا بوو لەهەردوو ڕەگەز، لەچەند قوتابخانەیەکی جیاواز، پاشان هەستا بەدووبارە کردنەوەی تاقیکردنەوەکە لەسەر هەمان نموونە دوای (14) ڕۆژ، دوای ڕاستکردنەوەی وەڵامەکانی پێوەرەکە، وە هاوکۆڵکەی بەیەکبەستنەوەی (پیرسۆن) ی بەکارهێنا بۆ دڵنیابوون لەجێگری پێوەرەکە، کە هاوکۆڵکەی جێگیری نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە بریتی بوو لە (0.803)، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) وە بەنمرەی ئازاد (38)، بە گریمانەی Sig (0.00). ئەمە مانای ئەوەیە کە هاوکۆڵکەی بەیەکبەستنەوەکە بەهادارە و پێوەرەکە بەڕادەیەکی بەرز جێگیرە.

**ب- هاوکێشەی ئەلفا – کرونباخ ( Cronbach’s Alpha):**

دوای ئەوەی توێژەر هاوکێشەکەی بەسەر نمرەی مامۆستایان جێبەجێکرد، دەرکەوت کە جێگیری تاقیکردنەوە بریتییە لە (0.891). ئەمەش جێگیریەکی بەرزو گونجاوە.

### 5-3 هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

- تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ یەك نموونە: بەکارهێنراوە بۆ بەراووردکردنی ناوەندە ژمێری.
- تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ: بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان ڕەگەز و هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەر.
- هاوکێشەی جی کۆپەر ( J. Cooper Formula): بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان.
- هاوکێشەی پەیوەستبوونی پیرسون: بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و جێگیری فۆرم بەکارهاتووە.
- هاوکێشەی ئەلفا کرونباغ ( α: Alpha Cronbach ): بەکارهێنراوە بۆ هەژمارکردنی هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری ئاراستەی مامۆستایان بەرەو فیرکردنی ئەلیکترۆنی و کاریگەری خود
- هەگبەی ئاماری بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان ( Statistical Package for Social Siences).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4- دەرخستنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو شیکردنەوەیان:**

توێژەر لەم بەشەی توێژینەوەکەدا هەڵدەستیت بە خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەی ئەو داتایانەی کە لە ڕێگەی ئامرازی ڕاپرسییەوە بەدەست هاتوون.

**4-1مەحەکی پشتپێبەستراو بۆ توێژینەوەکە:**

بۆ دیاریکردنی مەحەکی پشتپێبەستراو بۆ توێژینەوەکە، پاشان دیاریکردنی درێژی خانەکە بۆ پێوەری لیکارتی پێنجی توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتەبەر:

- ژماردنی مەوداکە بەوەی گەورەترین بەها بچووکترین بەهای لێ دەردەکرێت (5 – 1=4).
- پاشان دابەشکردنی ئەنجامی بەدەستهاتوو (4) بەسەر گەورەترین بەهای پێوەرەکە (5)

4 ÷ 5= 0.80 (مەودای چینەکە)

- پاشان زیادکردنی ئەو بەهایە (0.80) بۆ سەر بچووکترین بەهای پێوەرەکە =(1 بۆ 1.80)

وە بۆ بەدەستهێنانی مەودای چینی دووەم و چینەکانی تر هەمان ڕێگا دەگریتەبەر وەکو لەخشتەی (2) ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی (2) ئاستی مەحەکی ئاراستە مامۆستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی

| مەودای خانەکان | ڕێژەی سەدی | ئاست |
|---|---|---|
| 1.80 – 1 | %36 - %20 | زۆر لاوازە |
| 2.60 – 1.81 | %52 - %36 | لاوازە |
| 3.40 – 2.61 | %68 - %52 | ناوەندە |
| 4.20 – 3.41 | %84 - %68 | بەرزە |
| 5 – 4.21 | %100 - %84 | زۆر بەرزە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-4 خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەست بە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:**

**4-2-1-ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی لە چ ئاستێکدایە؟**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە توێژەر هەستا بە هەژمارکردنی ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و کێشی ڕێژەیی و ڕیزبەندی کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەری ئاراستەی مامۆستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی کە لە خشتەی (3) ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی ( 3) ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و کێشی سەدی و ڕیزبەندو ئاست

| پێوەر | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | کێشی ڕێژەیی | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| ئاراستەی مامۆستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی | 3.64 | 1.082 | %73 | بەرزە |

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی خشتەی (3) کە توێژەر بەدەستی گەیشتووە، دەردەکەوێت کە ناوەندەژمێری گشتی (3.64) بە لادانی پێوەری (1.082)، بە کێشی ڕیژەیی (%73) و ئاستی بەرز، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئاراستەیەکی بەرز و ئەرێنی هەیە لای مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی، ئەنجامی ئەم پرسیارە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی (المطوح، 2012)، وە تویژینەوەی (نصار، 2013)، وە توێژینەوەی (الضالعی، 2017)، و تویژینەوەی (الثقفي، 2021).

**4-2-2 گریمانەی سفری یەکەم/ هیچ جیاوازیەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ).**

بە مەبەستی پشکنینی ئەم گریمانەیە، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (t. test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ڕەگەزی، هەروەك لە خشتەی (4) خراونەتە ڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (4) خستنە ڕووی ئەنجامی t. test بۆ جیاوازی ڕەگەزی لە ئاراستەیان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی

| پێوەری ئاراستەی مامۆستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی | ڕەگەز | ژمارەی نموونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای t. test بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ | | ئاستی بەهاداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| | نێر | 65 | 126.20 | 16.240 | 148 | 1.433 | 0.154 | بەهاداری ئاماری نییە* |
| | مێ | 85 | 122.42 | 15.798 | | | | |

* چونکە ( Sig.> 0.05 ) .

بەپێی ئەنجامەکانی خشـــتەی (4) بەهای تائی بریتییە لە (1.433) بە نرخی ئەگەری (0.154) کە ئەمەش زۆر گەورەترە لە هەڵەی ڕێپێدراو (0.05)، کەواتە هیچ جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ)، وە لە کۆتاییدا گریمانەی ســفری وەرگیرا، ئەم ئەنجامەش هاوشــیوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (نصار، 2013)، توێژینەوەی ( الضالعي، 2017).

**3-2-4 گریمانەی سفری دووەم: هیچ جیاوازیەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە ئاراستەی مامۆســتایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ گۆڕاوی تەمەن (کەمتر لە 35 ساڵ، 35 – 41 ساڵ، زیاتر لە 42 ساڵ).**

بە مەبەستی پشکنینی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (One Way ANOVA) بەکارهێنا بۆ بەراوردکردنی نێوان سێ ناوەندەژمێری لە گۆڕاوی تەمەن بەمەبەستی زانینی جیاوازی لە نێوان چینەکانی تەمەن لە ئاراستەیان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی، هەروەك لە خشتەی (5) داتا و ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ( 5) شیکردنەوەی ANOVA بۆ کاریگەری تەمەن لە ئاراستە بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی

| | تەمەن | ن | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | ANOVA | کۆی چوار گۆشەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندژمێری چوارگۆشەکان | بەهای F | ئەگەری Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاراستەی ماموستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی | 35> | 48 | 3.61 | 0.466 | نێوان گرووپەکان | 0.217 | 2 | 0.108 | 0.483 | 0.618 |
| | 41-35 | 50 | 3.64 | 0.481 | لەناو گرووپەکان | 32.974 | 147 | 0.224 | | |
| | 42< | 52 | 3.70 | 0.473 | کۆ | 33.191 | 149 | | | |

* بەهادار نییە، چونکە ( Sig.> 0.05 ).

بەپێی ئەو ئەنجامەی لە خشتەی ( 5) دەستمان کەوتووە ، دەرکەوتووە کە بەهای (F. TEST) بریتییە لە (0.483) بە نرخی ئەگەری (0.618) کە زۆر گەورەترە لە هەڵەی ڕێپێدراو (0.05)، بەمەش دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاراستەی ماموستایان بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ گۆڕاوی تەمەن، وە لە کۆتاییدا گریمانەی سفری وەرگیرا، ئەم ئەنجامە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (نصار، 2013).

## 5- دەرەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیاز

### 1-5 پوختەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1- ئاراستەیەکی بەرز و ئەرێنی هەیە لای ماموستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی.

2- هیچ جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە ئاراستەی ماموستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی بۆ گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ).

3- هیچ جیاوازیەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە ئاراستەی ماموستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ گۆڕاوی تەمەن (کەمتر لە 35 ساڵ، 35 – 41 ساڵ، زیاتر لە 42 ساڵ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-5 ڕاسپاردە:

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش دەکات:

1- کردنەوەی خولی تایبەت بە مامۆستایان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و پرۆگرامەکانی تایبەت بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

2- دانانی پرۆگرام و سیستەمی تایبەت بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی بەجۆرێك هاوشانی فێرکردنی کلاسیکی بەکاربهێنرێت نەك تەنها لە کاتی پێویست بکرێتە شوێنگرەوە.

3- گرنگیدان بە فێرکردنی ئەلیکترۆنی و دەرخستنی گرنگییەکانی لە ڕێگەی کۆنگرەو وۆرك شۆپ و بڵاوکراوەی تایبەتەوە.

## 3-5 پێشنیاز:

دوای تەواوکردنی ئەو هەوڵانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، دەتوانرێت پێشنیازبکرێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر دەربارەی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لە داهاتوودا، لەوانە:

1- زانینی ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی.

2- ئاستەنگەکانی بەردەم بەکارهێنانی فێرکردنی ئەلیکترۆنی لای مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا لە قۆناغی بنەڕەتی.

3- ئاراستەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بەرەو فێرکردنی ئەلیکترۆنی و پەیوەندی بە بڕوا بەخۆبوون لە قۆناغی بنەڕەتی.

## سەرچاوەکان

سعید، جوان احمد حمد (2014): کاریگەری ستراتیژیەتی (لەهەرچوار لاوە) بۆ فێربوونی چالاك لە دەسکەوتن و پەرەپێدانی ئاراستەکردنی بابەتی ئەدەب لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، کوردستان – عێراق.

سولەیمان، موحەمەد محمود ، (2013)، جوگرافیاو ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

عزیز، کەریم ئەحمەد (2014): بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دەزگای نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر،هەرێمی کوردستان.

محمد، أحمد محمد (2021): ڕێگاکانی وانە گوتنەوە لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا، چاپخانەیماڵی ڕاستی، پرۆژەی کتێبی ڕوانگە.

نەقشبەندی، ئازاد محمد ئەمین (1997): جوگرافیای کەش و ئاوو هەوا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی.

- أبوحیة، غادة (2013): مستوى فهم تطبيقات البيومعلوماتية لدى معلمي الاحياء بالمرحلة الثانوية واتجاهاتهم نحوها، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الاسلامية – غزة.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- أبوشرار، ياسر ابراهيم حسين، (2010) قضايا العلوم والتكنولوجيا والمجتمع في محتوى منهاج الجغرافيا لطلبة الصف الثاني الثانوي ومدى فهمهم لها، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الاسلامية، غزة.
- الاحمري، سعدية (2015): التعليم الالكتروني، ماجستير تقنيات التعليم، وزارة التربية.
- التودري، حسن بن حسين محمد (2004): المدرسة الإلكترونية وأدوار حديثة للمعلم، الرياض، مكتبة الرشد.
- الثقفي، مهدية بنت صالح بن خلف (2021): اتجاهات معلمي ومعلمات التربية الاسلامية نحو منصة مدرستي الالكترونية في ضل جائحة كورونا COVED-19 بمنطقة الباحة، جامعة الباحة، كلية التربية، مجلة كلية التربية، جامعة عين الشمس، العدد (54)، جزء الثانى (2021)، ص147-188.
- الخفاجي، وأخرون (2021)، التكنلوجيا الحديثة واستراتيجيات التدريس، ط1، مكتب نور الحسن للطباعة والتنضيد: بغداد.
- الشمري، محمد خزيم (2005): أثر استخدام التعلم المدمج في تدريس مادة الجغرافيا على تحصيل طلاب الصف الثالث متوسط واتجاهاتهم نحوها، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الدراسات عليا، الجامعة الاردنية، عمان.
- الشمري، محمد خزيم (2005): أثر استخدام التعلم المدمج في تدريس مادة الجغرافيا على تحصيل طلاب الصف الثالث متوسط واتجاهاتهم نحوها، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الدراسات عليا، الجامعة الاردنية، عمان.
- الشهرانى، ناصر بن عبداللة ناصر (2007): مطالب استخدام التعليم الإلكتروني في تدريس العلوم الطبيعية بالتعليم العالي من وجهة نظر المختصين، دراسة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة أم القرى، المملكة العربية السعودية.
- شهيد، هدى محمد (2019): فاعلية التدريس باستعمال التفكير الابداعي في تحصيل طالبات الصف الرابع الأدبي في مادة الجغرافية، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية و الإنسانية - جامعة بابل، العدد:43، العراق.
- الضالعي، زبيدة عبدالله علي صالح (2017): اتجاهات الطلبة وأعضاء هيئة التدريس نحو التعلم الالكتروني في جامعة نجران، أستاذ المناهج وتكنولوجيا التعليم المساعد، قسم المناهج وطرائق التدريس، كلية التربية للبنات، جامعة نجران، المجلة الدولية التربوية المتخصصة، المجلد (6) عدد (12) 2017.
- عبدالرحمن، سعد (2008): القياس النفسي النظرية والتطبيق، ط5، هبة النيل العربية للنشر والتوزيع.
- عبدالرؤوف، طارق (2014): التعليم الالكترونى والتعليم الافتراضي (اتجاهات عالمية معاصرة)، ط1، مجموعة العربية للتدريب والنشر، مدينة نصر، القاهرة: مصر.
- عبدالمولا، أسامة عبدالرحمن، (2014): الدراسات الاجتماعية والتعلم الالكتروني، ط1، الوراق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
- العجرش، حيدر حاتم فالح (2017): التعليم الالكتروني رؤية معاصرة، مؤسسة دار الصادق الثقافية، الطبعة الاولى، العراق – بابل.
- العريفي، يوسف عبد الله (2003): التعليم الإلكتروني تقنية واعدة وطريقة رائدة، ورقة عمل مقدمة لندوة التعليم الإلكتروني خلال الفترة 21-23 ابريل، الرياض :مدارس الملك فيصل.
- العطروزي، محمد (2002): التعليم الإلكتروني - أحد نماذج التعليم الجامعي عن بعد، المؤتمر القومي السنوي التاسع ( العربي الأ ول ) مركز تطوير التعليم الجامعي بجامعة عين شمس، التعليم الجامعي عن بعد : رؤية مستقبلية، من 17-18 ديسمبر.
- العواودة، طارق حسين (2012): صعوبات تظيف التعليم الالكترونى في الجامعات الفلسطينية بغزة كما يراها الاستاذة والطلة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الازهر: غزه.
- فضيلة، ابرهيم رمضان هنداوى (2022): التعلم الالكتروني خبرات دولية المعاصرة، المركز الاكاديمي للنشر، الاسكندرية.
- كاظم، مهدى سمير (2021): واقع التعليم عن بعد في الجامعات العراقية في ظل جائحة كورونا من وجهة نظر الطلبة وأعضاء هيئة التدريس، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية العلوم التربوية، جامعة الشرق الاوسط، عمان، الاردن.
- الكبيسي، وهيب مجيد، والداهري، صالح حسن أحمد (2000): المدخل في علم النفس التربوي، مكتبة اسكندرية العامة.
- محمد، عبدالحميد عبدالخالق (2010): الاتجاهات نحو الدراسة وعلاقتها بعادات الاستذكار لدى طلاب الثانويات التخصيصية بمدينة المرج، رسالة ماجستير (منشورة)، جامعة بنغازى، كلية الاداب، قسم التربية وعلم النفس.

- مصلح، نسيم نصر خميس، (2010): تقويم منهاج الجغرافيا في المرحلة الأساسية العليا في ضوء بعض الاتجاهات العالمية، رسالة ماجستير غير منشورا، كلية التربية، جامعة الاسلامية، غزة.
- المطوع، نايف بن عبدالعزيز (2012): اتجاهات معلمي المرحلة الثانوية في محافظة القويعية بالمملكة العربية السعودية نحو التعليم الالكتروني، مجلة الدراسات التربوية والنفسية، جامعة السلطان قابوس، مجلد (7) عدد (1) 2013.
- الموسي، عبدالله بن عبدالعزيز (2001): التعليم الألكتروني مفهومه، خصائصه، فوئده، عوائقه، ورقه عمل مقدمه إلى ندوة مدرسه المستقبل، جامعه الملك سعود، الرياض.
- نصار، صبحية (2013): اتجاهات أعضاء هيئة التدريس في جامعة القدس المفتوحة في فلسطين نحو استخدام تقنية الصفوف الافتراضية كنمط من أنماط التعلم الالكتروني، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين.
- النور، أحمد يعقوب (2007): القياس والتقويم في التربية وعلم النفس، الجنادرية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

## Trends of Geography Teachers Towards E-Learning in the Basic Stage

**Aram Isa Mirza**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Aramissa85@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Hamed Abdulla Salih**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Hamed.salih@su.edu.krd

***Keywords:*** *Trend, Teachers, E-Learning, Geography, basic stage*

## Abstract

The study aimed to know the orientation of geography teachers towards e-learning in the basic education stages, and to know their differences according to the gender variable and the age of the teachers. The researcher used the descriptive analytical method in the study, and the research community included all geography teachers in the basic education stage within the second and third circles, and their number is (929) male and female teachers of both sexes, in the city center of Erbil for the academic year 2021-2022. In order to reach its goal, the researcher tried to prepare a questionnaire measure of teachers' trends, and after making sure of the stability of the scale, the researcher applied it to the research sample consisting of (150) male

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

and female teachers, (65) male and (85) female teachers, After collecting and analyzing information through statistical programs (spss), the researcher reached these results: There is a high and positive trend for geography teachers towards e-learning in the basic stage. He did not find any difference in statistical significance according to the variable of gender and age of teachers in their trends towards e-learning.

## اتجاه معلمي مادة الجغرافيا نحو التعلم الإلكتروني في مرحلة الأساسية

### الملخص

هدفت الدراسة إلى معرفة توجه معلمي مادة الجغرافيا نحو التعليم الإلكتروني في مراحل التعليم الأساسي، ولمعرفة اختلافاتهم وفقا لمتغير الجنس وعمر المعلمين، استخدم الباحث المنهج التحليلي الوصفي في الدراسة، وشمل مجتمع البحث جميع معلمي الجغرافيا في مرحلة التعليم الأساسي ضمن دائرة الثانية والثالثة، وعددهم (929) معلما ومعلمة من الجنسين، في مركزمدينة أربيل للعام الدراسي 2021-2022. ومن أجل الوصول إلى هدفها، حاول الباحث إعداد مقياس استبانة من اتجاهات المعلمين، وبعد التأكد من ثبات المقياس، قام الباحث بتطبيقه على عينة البحث المكونة من (150) معلما ومعلمة، (65) معلما و(85) معلمة. وبعد جمع وتحليل المعلومات من خلال البرامج الإحصائية (spss)، توصل الباحث إلى هذه النتائج: فهناك اتجاه عال وإيجابي لمعلمي مادة الجغرافيا نحو التعلم الإلكتروني في المرحلة الأساسية. لم يجد أي فرق في الدلالة الإحصائية وفقا لمتغير الجنس وعمر المعلمين في الاتجاهاتهم نحو التعليم الالكتروني.